# کەنالی ئاسمانی "سنا"، کەنالی کۆنگرەی ئازادی عیراق، لەهەفتەی داهاتوودا ستۆدیۆکانی دەستبەکاردەکەن!

لەمەکتەبی راگەیاندنی کۆنگرەی ئازادی عیراقەوە:

بەپێی بەیاننامەیەك کەمەکتەبی راگەیاندنی کۆنگرەی ئازادی عیراق لەبەرواری 2007/3/21دا بلاوی کردۆتەوە، کەنالی ئاسمانی "سنا" ستۆدیکانی دەست بەکاردەبیت. بەیانەکە ئاماژە بەکۆبوونەوەیەك دەکات کەستافی کەنالی سانا بەئامادەبوونی سەمیر عادل سەرۆکی کۆنگرەی ئازادی عیراق و عەبدولهادی فەتلاوی بەریوەبەری کەنالی "سنا"لەشاری بەغداد سازدراوە بۆ بریاردان لەبەرنامەو رەتی کارەکانی کەنالەکە. وەسەرەنجام کۆبوونەوەکە بەوەگەیشتووە، کە ئەم کەنالە جگەلەوەی سیاسەت و بەنامەی کۆنگرەی ئازادی عیراق بلاودەکاتەوە، بەلام لەبنەرەتەوە لەخزمەتی خەباتی موتەمەدین و ئازادیخوازانەی خەلکی عیراق و بزووتنەوە کەیاندا دەبی. جیاوازی ئەم کەنالە لەگەل باقی کەنالەکانی تر لەوەدایە کە تایبەت نابیت بە نوخبەیەکی سیاسی، بەلکو ئەم کەنالە راستەوخۆ دەنگی کۆمەلانی خەلك و راستیەکانی ژیانی ئەوان بەگوی کۆمەلگاو جیهاندا رادەگەیەنیت. سنا کەنالیکە کە ئاوات و ئارەزوو، ئومید و خواستەکانی خەلکی عیراق و بزوتنەوەکەیان بۆکۆتایی هێنان بەجەنگ و داگیرکاری و گیرانەوەی مەدەنیەت بۆ کۆمەلگا نوینەرایەتی دەگات. کەنالی "سنا" کەنالیك دەبیت کەبەسادەیی بزوتنەوەی ژنان، کریکاران، لاوان سکولاریزم و ئازادی خوازی، بەرنامەو خۆاستەکانیان لەزمانی هەلسووراوان و رابەرانیانەوە بلاودەکاتەوە.





هەروەها بەیاننامەکە لەزمانی کۆبوونەوەکەوە ئەوەی ئاشکراکردووە کەگرنترین بەشەکانی بەرنامەی هەفتانەی کەنالی"سنا" بریتی دەبیت لەبەرنامەی "رۆشنبیر وداگیرکاری"، "عیراق و رای گشتی ئەمریکا" ، " کریکارانی ئەمرۆ" ، "سنای ژنان" "مافەکانی بیتاوانان" "فالیلی مانگانە"، " لەبارەی مافەکانی مرۆڤەوە"، "لەنیو لاپەرەی خوندەنەوە"، "بلندە کۆچکەرەکان" و..چەندین پرۆگرامی تر کەلەلایەن عەبدول هادی فەتلاوی، زینەکەمال، سوبحی بەدری، فالح مگتوف، قوسەی هاشم، تەحسین حەسیب، وچەندین کادرو ناوەندی پسپۆرەوە، ئامادەو پیشکەش دەکری.. شایانی باسە ستۆدیۆکانی "سنا" بەرلەماوەیەکە لەهەولی ئامادەکردنی چەندین فیلم و بەلگەنامەدایە کەباروۆدخەکانی عیراق و خەباتی خەلك لەزمانی خۆیانەوە دەخاتەروو..

ئیمە هەولدەدەین لەفرسەتیکی تردا کات و شوینی بلاوبوونەوەوەی بەرنامەکانی"سانا" بەخوینەران رابگەیەنین وهیوای سەرکەتنیش بۆبەرپرسیار و کارمەندانی ئەم کەنالە رادەگەیەنین.

سایتی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق

2007/3/23